# ڕووماڵی تەندروستی نوێ بۆ کەسانی گەورە

*لە 1ی کانونی دووەمی 2019ـەوە، کەسانی گەورەی زیاتر کەوا لە ڤیرجینیا دەژین دەتوانن دەسگەیشتنیان هەبێت بۆ بیمەی تەندروستی کواڵیتی بەرز، بە تێچووی کەم و بێ تێچوو!*

## کێ دەگرێتەوە؟

کەسانی گەورە ڕەنگە شایستە بن بۆ ڕووماڵی نوێی تەندروستی ئەگەر:

- لە ڤیرجینیا بژین
- تەمەنیان لە 19-64 ساڵ بێت
- Medicare وەرناگرن یان شایستەی نین
- داواکاریەکانی داهاتیان تێدا بێت، کەوا ڕەنگە بەگوێرەی قەبارەی خێزان بگۆڕێت

## سنووردارى داهاتی ڕووماڵی کەسی گەورە (کۆ*)

| قەبارەی خێزان | مانگانە | ساڵانە |
|---|---|---|
| 1 | $1,677 | $20,121 |
| 2 | $2,268 | $27,214 |
| 3 | $2,859 | $34,307 |
| 4 | $3,450 | $41,400 |
| 5 | $4,042 | $48,494 |
| 6 | $4,633 | $55,587 |
| * لە 20ی کانونی دووەمی 2023 جێبەجێ دەکرێت. سنووردارى داهات ساڵانە هەموار دەکرێتەوە | | |

## چۆن داواکاری پێشکەش بکەم؟

- پەیوەندی بە ناوەندی خزمەتگوزاری ڕووماڵکردنی ڤیرجینیا بکە بە ژمارە 833-5CALLVA. وەرگێڕ بەردەستە.
  نوێنەرەکانی ئێمە تۆ بە کەسێکەوە دەبەستنەوە کەوا زمانی ویستراوی تۆ قسە دەکات.
- داواکاریەکی ئۆنلاین پڕ بکەوە لە یارمەتی باو Common Help:
  www.commonhelp.virginia.gov
- داواکاریەکی ئۆنلاین پڕ بکەوە لە The Health Insurance Marketplace:
  www.healthcare.gov
- نامە بنێرە یان دای بنێ داواکاری بۆ فەرمانگەی ناوخۆییت بۆ خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان

بۆ لیستێکی بەڵگەنامە پێویستەکان لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری، سەردانی بکە www.coverva.org و کرتە لە سەر لاپەڕەی پێشکەشکردنی داواکاری بکە.

## ئایا ڕووماڵی تەندروستی نوێ بۆ کەسانی گەورە چیە؟

ڕێساکانی Medicaid گۆڕاون. ئەمە واتە کەوا ئەگەر داواکاریت بۆ Medicaid پێشکەش کرد بێت لە ڕابردوودا و ڕەتکرابێتەوە، ڕەنگە ئێستا شایستە بیت. لە 1ی تشرینی دووەمی 2018ـەوە، خەڵکانێکی زیاتر دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی شایستە بن بۆ بیمەی تەندروستی لە ڕێگەی Medicaid. سوودەکان لە 1ی کانونی دووەمی 2019 دەست پێدەکات.

ئەوانە لە بواری تاک فرۆشی، بنیاتنان، چاودێری منداڵ، دیمەنە سروشتیەکان، خزمەتگوزاری خۆراک کار دەکەن و چەندین پیشەی تر کەوا بیمەی تەندروستیان نەیە، ڕەنگە ئێستا شایستە بن.

ڕووماڵی تەندروستی نوێ بۆ کەسانی گەورە سوودی گەورە دابین دەکات بۆ ئەو خێزانانەی داهاتیان کەمە کەوا ڕەنگە نەتوانن بە شێوازی تر دەسگەیشتنیان بۆ چاودێری تەندروستی هەبێت.

## ئایا ڕووماڵی چی دەکات؟

بیمە تەندروستیە نوێیەکە ڕووماڵی کەسانی گەورە دەکات بۆ:

- خزمەتگوزاریەکانی پزیشک، نەخۆشخانە و فریاکەوتن
- دەرمانە بە ڕەچەتەکان
- خزمەتگوزاری تاقیگە و تیشکی ئێکس
- چاودێری لەدایک بوون و منداڵی تازە لە دایک بوو
- چاودێری درێژخایەن و خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی
- خزمەتگوزاری تەندروستی ماڵەوە
- خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی ڕەفتاریی بەلەخۆگرتنی ئالوودەبوون و چارەسەری چاک بوونەوە
- خزمەتگوزاری شیاندنەوە بەلەخۆگرتنی چارەسەری سروشتی، پیشەیی و قسەکردن
- گواستنەوە بۆ خزمەتگوزاری ڕووماڵکراوی Medicaid کاتێک هیچ جێگرەوەیەک بەردەست نیە
- خزمەتگوزاریەکانی پلاندانانی خێزان
- کەرەستە و ئامێرە پزیشکیەکان
- خزمەتگوزاری خۆپارێزی و تەندروست باشی و خزمەتگوزاریەکانی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی درێژخایەن
- و زیاتریش!